کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-4-2007 17:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستان پۆست یان سوکایەتینامە... ئامانج عەبدوڵا سوور

ساڵی پار بابەتێکی ڕەخنە ئامێزم لەسەر خۆهەڵکێشێکی فسفس پاڵەوان نوسی هەرلەو بابەتەدا بەومیتۆدەی کەبروام پێیەتی هەوڵم دابوو دیوی ناوەوەی ڕاستیەکان ئاشکرا بکەم ولەبنەوە درۆشاخدارەکانی ئەم گۆرانی بێژە بێهەڵوێستە هەڵتەکێنم وشوناسی قارەمانێتی وجاشنامەکەی بخەمە بەرچاوی هەمووان بابەتەکەم ڕەوانەی کوردستان پۆست کرد پاش ڕۆژێك کەسێکی ناشی بەناوی (هیوا گوڵ) دەستکاری بابەتەکەی کردبوو لەسەر وەزنی موسەلیحی نوسین کەئەمە زاروەیەکی نوێیە تەنها لەقاموسە شرەکەی جنێو پۆستدا جێی دەبێتەوە، وای بۆنوسیبووم (کاکە ئامانج گیان پێم باشە ئەم دەستکاریە قبوڵ بکەیت هەتا بابەتەکەت دابگرن) لەوە گەری دەستکاریەکەی چەند هەڵەی ڕێزمانی و وشە سازی تیادا بوو چونکە دڵنیا بووم بەم لێشاووی هەڵەیەوە بابەتەکە دابەزیبایە دەبوو بۆ هەتا هەتایە رووی ئەوەم نەبی دەست بۆ کیبۆردەکەشم بەرم.. کەوتبوە پیاهەڵدانی فسفس پاڵەوانەکەوسوکایەتی بەکەسانی دی کەلەلای من زۆر بەرێزن، ئیدی بەمە نیگەران بووم وبی سی ودوو وەڵامم دایەوە کەئەم گوڵە باخە بۆی نیە دەستکاری بابەتی من بکات لەکاتێدا خۆی لەگروگاڵی نوسیندایە دڵنیاشم کرد کە ئەم پیاوە بەرزەی خۆی لێکردوینەتە پرۆفیشناڵ لەراستی دا لەگەلحۆیەك زیاتر نیە چونکە بەپێی یاسا بۆت هەیە بابەتەکە پەسەند نەکەیت بەڵام بۆت نیە دەستکاری وشەن وکەوی بکەیت بەئارەزووی خۆت جا سایتەگوماناویەکەی کوردستان پۆست وهیوا گوڵ بونەتە پاڵەوانی چیرۆکی مەزەی گوڵی بەکر حەسەن تامەزرۆیان بەخواردنی گوڵ دەشکی بەعارەقی ئۆزۆوە ئەوکاتەی سوکایەتی بەمێژووەوە بکەن دەگەن دواپلەی ئۆرگایزم لی دەبی ئەوە بزانن گری لەقەڵەمی جەربەزە نەئالۆسکێنن دۆستێك بابەتێکی لەسەر نوسیم لەماڵپەرێك دا هەرخۆی پێی گوتم کە کوردستان پۆست لەخۆشیان شاگەشکە بوون ولێی پاراونەتەوە بیدات بەوانیش ئەمیش پێی شەرم بووە لەم جنێو نامەیەدا ڕەخنە لەمن بگرێت هەربۆیە هیوای جەربەزەورەفیقە مونازلەکانی بەخێرایی بابەتەکە لەوماڵپەرەدەبەن ووەك ئەوەی هەنگوینیان لەدارا دۆزیبێتەوە بۆی دادەبەزێنن.. پێم وایە زۆرێك لەستافی ئەم ئۆرگانە شکست خواردووە پێویستیان بەشرۆڤەیەکی دەروونی هەیە لەلای پسپۆرێکی دەروونی تا روون بێتەوە ئەمانە نەخۆشی شیزۆفرینیان هەیە وابلیتی عیادەکەم خستە سەرشانی خۆم فەرموون سەردانی باشترین پسپۆربکەن!!!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.